# کاریگەرییە چاک و خراپەکانی رادیۆ و تەلەفیزیۆن لەسەر تاک دا

سالّی ١٨٦٥ زانای ئینگلیزی (جیمس کلارک)ی پسپۆر لە بواری فیزیا و سروشت ناسی لە ئەنجامی کۆمەلّێ پشکنین و تاقیکردنەوەدا گەشتە ئەو دەرئەنجامەی کە پێشبینی هەبوونی شەپۆلی(کارۆ موگناتیسی)کرد لە گۆی زەویدا.لە سالّی ١٨٨٥زانای ئەلّمانی (هێنریش هیرنز)ئەو راستی یەی سەلماند و دەیان تاقیکردنەوەی لەو بوارەدا ئەنجامداکە بووە پێشەکی یەکی ئامادەکراو بۆ (مارکۆنی)ی ئیتالّی کە توانی لە بواری تەکنەلۆجیدا گەشە بەو سیستەم و رێبازە بدات و ئامێری (رادیۆ تەلەگراف)لەسالّی ١٨٩٥ دابهێنێت.ئەگەر هەلّسەنگاندێکی زانستی بۆ ئەو هەموو پێشکەوتنە مەزنەی تەکنیکی رادیۆ و تەلەفیزیۆن و سەتەلایت بکرێت دەردەکەوێ بەو مێژووە کوتە(١٤٠سالّی یە)سەرکەوتنی زۆر گەورە و بەرهەمی زۆر بەنرخ بەدەست هاتووە بە شێوەیەک کە دنیا بەهۆی ئەو شەپۆلانەوە (وەک دەلّێن)بووە بە گوندێکی بچوک.ئەم شێوازی پێشکەوتنە خێرایەی هیچی نەهێشتۆتەوە بۆ کەسانێک گەر بیانهەوێ ڕوو بە ڕوو ئەو پێش کەوتنە ببنەوە،بەهۆی کۆنە پارێزی و ترسەوە لەو کاریگەری یە ترسناک و خراپانەی کە لەگەلّ پێش کەوتنەکەدا خۆی دەکات بەهەموو مالّێکی ئەم جیهانەدا.لە دونیای ئەمرۆدا پێش کەوتن و بەکارهێنانەکانی تەکنەلۆجیا،بە تایبەتیش تەکنەلۆجیای راگەیاندن بووە بە پێوەرێک بۆ پێوانەی پێش کەوتن و دواکەوتنی (فیکر) لە نێو کۆمەلّگە و مللەتە جیاوازەکاندا.بە تایبەتیش شێوەی (بەکارهێنان)ی ئەو بەرهەمە تەکنەلۆجییانە.گومان لەوەدا نیّ یە هەموو دۆزینەوە و داهێنانێکی زانستی کاریگەری خۆی هەیە لەسەر تاک و کۆمەلّگە،بەلاّم ئەگەر ئەو داهێنانە کاریگەری لە سەر ئاستی رۆشنبیری کۆمەلّ نەکرد و بەرە و کۆمەلّگەیەکی شارستانی نەیبرد،یان بە ڕوویەکی دیکە و بە شێوازێکی خراپ ئەو بەرهەمانە بەکارهێنرا،ئەوا نەک هەر خزمەت بەرەوتی پێش کەوتنی فیکر و زانست ناکەن بەلّکو دەبنە چەکێکی کاریگەر بۆ گۆرانکاریە باشەکان و شێواندنی بیرکردنەوە چاکەکانی خەلّک و تێکدانی سەرجەم پەیوەندیەکان و رەوشتە پیرۆزەکان و ئیفلیج کردنی تونا و ئاراستەکان...ئیمپریالیزم و کاپیتالیزمی جیهانی کەلە یەکەم رۆژەوە داهێنەر و گەشەپیّ دەری ئەو تەکنەلۆجیایەن،گەلانی جیهانی سیّ یەمیان وا تێگەیاندووە کە تەکنەلۆجیا بە گشتی و تەکنەلۆجیای راگەیاندن بەتایبەتی (ئەلتەرناتیف)ی شۆرشی فکر و شۆرشی کۆمەلاّیەتین،دەتواندرێ لەو رێگایەوە سەرجەم کۆمەلّگەکان بگۆردرێن بەبیّ پەنابردن بۆ هیچ فەلسەفە و ئایدۆلۆژیایەک.بەکارهێنانەکانی تەکنەلۆجیا راستە رۆلّێکی کاریگەر دەبینن لە نزیک کردنەوەی تاکەکان و بەهێزکردنی پەیوەندیەکان بۆ تیّ گەشتن لە ژیانی سەرجەم گۆرانەکانی سەر زەمین بەلاّم هەرگیز ناکریّ ببیّ بە (ئەلتەرناتیف) بۆ رەوشت و بەها پیرۆزەکان،یان بۆ ئایدۆلۆژیا و شۆرشی نەتەوە و گەلە ژێر دەستەکان جیهان.هەر لەبەر ئەوەشە کە رێگەی دوا رۆژی کۆمەلّگەی مرۆڤایەتی پرە لە هەلّدێر و ترسناکی نەک تەنها بۆ ئەوانەی کار لەبواری راگەیاندن و تەکنیکی راگەیاندن دەکەن بەلّکو ئەو پسپۆر و دکتۆرە جەستەیی و دەرونیانەش کەچارەسەری کۆمەلّە بابەتێکی دیکە مرۆڤ دەکەن کەلە ئەنجامی مامەلّەکردنیاندا لەگەلّ هۆیەکانی راگەیاندن تووشی دەبن...هەموو پانتاییە فیکری و جەستەیەکانی مرۆڤ رۆژانە ئابلوقە دەدرێن لەلایەن کۆمەلّێ هۆی راگەیاندنەوە لە پێناوی رۆشنبیرکردنی تاک بەو پەیامەی کەلەو کەنالّەوە بۆی دەنێردرێت بەلاّم بیّ بەرنامەیی لە پەخش و بەکارهێنان و بەدواداچووندا کۆمەلّێ ترسناکی بۆ (وەرگر)دروست دەکات لە بواری (دەرونی،بایلۆجی) کە گومانی تێدانی یە لە کۆتایدا توشی هەندێک پەرچە کار و کاردانەوەی خراپی وای دەکەن کە پێچەوانەی رەوتی پیرۆزی راگەیاندنی راست و دروست بێت کەلە ئامانجی دامەزراندن و پێک هێنانی کۆمەلّگەیەکی هاوچەرخە.لێکۆلینەوە لەو کاریگەری یە خراپانەی هۆیەکانی راگەیاندن بەتایبەتی لەبواری دەرونی و بایۆلۆجیدا پێویستیەکی زۆر بەئامار و توێژینەوەکاری هەیە..ئەوانیش لەوولاتی ئێمە و بەتایبەتیش لە کوردستاندا نەک هەر نەکراوە و نی یە ، بەلّکو لەسایەی دەسەلاتێکی گەندەلّی وەکو حکەمەتی هەرێمی کوردستاندا ئەو کەش و هەوایە رەنگە هەر دابین نەکریّ،بۆیە ئەو کەسانەی هەست بەو ترسناکیانە دەکەن،پێیان وایە کە ئەو کاریگەرییانە تەنها لەبازار و شوێنە گشتی یەکاندا نین بەلّکو چونەتە ژوربەژووری مالّەکانەوە و رۆژانە بەهەزاران رۆکێتی راگەیاندن مێشکی خەلّکەکە قەسف دەکریّ..دەرئەنجامی ئەو کار و پرۆسەی پێدان و وەرگرتنە چەند پرسیارێک لەلای وەرگر دروست دەبێت:تواناکانی تاک چەندە لەگویّ گرتن و سەیرکردن و وەرگرتن؟.ئایا تاکی کۆمەلّگەی کوردستان ئەوەندە رۆشنبیرە بتوانیّ چاک و خراپ لێک جیابکاتەوە و هەلّبژاردنی دروست لە نێوانیاندا ئەنجام بدات؟.ئایا جۆرێک لە کۆنترۆلّ لە کوردستاندا لەلایەن دەسەلاّت یان لیژنەی پسپۆرەوە هەیە تا خەلّکی لەوە وشیار بکەنەوە کە چۆن مامەلّە لەگەلّ ئەو هۆیانەی راگەیاندندا بکەین؟. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا ئامانجی ئیمپرالیزمی جیهانی خۆزالّ کردن و ملکەچ پێکردنی گەلانی دنیایە بە چەندین رێگای جیاواز،یەکێک لەو رێگایانە کە دەیگرنە بەر چۆنیەتی کارکردن و مامەلّە کردنە لەناو دنیای تەکنەلۆجیای میدیای،ئەوان کاتیّ بالاّ دەست دەبن لە وولاّتکدا و کۆنترۆلّی دەستەی سیاسی و دەسەلاّتی ئیداری دەکەن ،دەیان کۆبونەوە و خولی پێگەیاندن ئەنجام دەدەن بۆ کادرە بالاّ و ناوەندیەکان بەمەبەستی کۆنترۆلّ کردنی فکریان لەلایەک و گەیاندنی پەیامەکانیان بۆ زۆرینەی خەلّکی لەلایەکی دیکەوە،هەر لەبەرئەوەشە لەئەنجامدا بەرهەمێک دەگات بەخەلّکی بەدلّی داگیرکەر و دژی سەرجەم بنەما و بەها بەنرخەکان بێت..ئەوەی کەپیّ ی دەلّێن رەوشتی پیرۆز و کلتوری نەتەوە لەناو ئەو پرۆسەیەدا دەروێتەوە و ون دەبیّ،تەنانەت تواناکانی بەرهەم هێنانیش تووشی ئیفلیجی و پەک کەوتن دەکەن،کرێکارێک یان فەرمانبەرێک ئەگەر لەبەر خاتری بەرنامەیەک هەتا نیوەی شەو بمێنێتەوە ئەبیّ بەیانی یەکەی بەچی بیروبازویەکەوە بچێتە سەر کارەکەی.لە کاتێکدا دەکریّ و دەتواندریّ چارەسەریّ بۆ ئەو بەرنامەیە بدۆزرێتەوە..ئەگەر هۆکانی راگەیاندن فاکتەرێکی بەهێزی بن بۆ فراوان کردنی ئاستی رۆشنبیری تاک و وریاکەرەوەیەکی چاک و بەنرخ بن بۆ کۆمەلّگە،ئەبیّ زیانەکانیشی لەبەرچاو بگیریّ و چونکە تاقیکردنەوە زانستیەکان ئەوەیان سەلماندوە کە هۆشیاری و هاوسەنگی لەکارەکانی مێشکدا تووشی ئالۆزی و سرینەوە دەبن ئەگەر لەکاتی خۆیدا پیّ نەدریّ یاخود بخرێتە ژێر فشاری دژە زانیاری یەکی زۆرەوە.گرنگ لەوەدایە چۆن دەتوانریّ ئەو هاوسەنگی یە دروست بکریّ کەزیان لە رابردوو و داهاتوومان نەدات.



نەوزاد حوسێن محەمەد

---

# سەرنجێک لەسەر گۆڕانکاریە نوێیەکانی پرۆسەی پەروەردە

پێشکەوتنی هەر کۆمەلّگەیەک پەیوەندیەکی پتەوی هەیە بەو سیستەمە پەروەردەییەی کە لەو وڵاتەدا پەیرەودەکرێت، وەک ئاشکرایە سیستەمی پەروەردە لە وڵاتی خۆماندا تا سەر ئێسقان خراپ و بۆگەنە بۆیە هەر گۆڕانکاریەک لە بەرژەوەندی پرۆسەی پەروەردەکردن دا بێت جێگای دڵخۆشیە.

لە هەرێمی کوردستان لە مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردودا کۆنگرەی پەروەردەیی بەسترا بە بەشداری چەندین پسپۆڕی بواری پەروەردە لە ناو کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا، بۆ گۆڕانکاری کردن لەو سیستەمە چەق بەستووەی کە دەیان ساڵە ڕۆڵەکانمان گیریان پێوە خواردووە کە تاکێکی داخراو و گەندەڵ دروست دەکات، لەو کۆنگرەیەدا زۆر پێشنیاری باش کراون کە زۆربەیان بونە بڕیار وە هەندێ لەو بڕیارانەی کە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) جێ بەجێ کران لە بەرژەوەندی پێشکەوتنی سیستەمی پەروەردەدانیە. ئەوەی مەبەستمە لێرەدا باسی بکەم شێوازی پشکنینی دەفتەری پۆلەکانی (حەوتەمی بنەڕەتی و چوارەمی ئامادەیی) یە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە لە نێوان (٣-٤) خوێندنگە پێک دەهێنرا. لەو لیژنەیەدا مامۆستای وانەکەش ئامادە دەبوو بەڵام ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک بێت ئامادە نەبوایە ئەوا خوێندکارەکانی ئەو مامۆستایە ڕەنجیان بە با دەڕۆیشت لەهەندێ لەو لیژنانەدا ئەو مامۆستایەی کە دەفتەرەکانیان دەپشکنی لە ڕقی ئەوەی کە مامۆستای وانەکە نەهاتووە لە کاتی پشکنینی دەفتەرەکاندا دەستیان زۆر دادەگرت و زۆربەی خوێندکارەکانیان دەرنەدەچاند وە ئەو مامۆستانەی کە دەفتەرەکانیان دەپشکنی بە تایبەتی دەرەوەی شار مامۆستای بابەتەکە نەبون وە مامۆستای ناوەندیش نەبون. کە ئەمانە هەمووی ناهەقیەکی زۆرە لە خوێندکار دەکرێت بە تایبەتی کە خوێندکارانی ئەم قۆناغە نمرەکانیان بۆ پۆلی (٣-٦) حساب دەکرێت.

هیوادارم بۆ ساڵی داهاتوو ئەم هەڵەیە دوبارە نەبێتەوە چونکە قوربانیەکە تەنها خوێندکارە، پێم باشە لیژنەی تایبەت لەلایەن بەڕێوەبەرێتی پەروەردەکانەوە دابنرێت بۆ ئەو مەبەستە.



م.فەرەیدوون حسێن

---

# بێوەژن لەگۆرانییەکی عەزیزی وەیسیدا!

بەدرێژایی مێژووی هونەری گۆرانی کوردی، ژن پێگەیەکی سەرەکی هەبووە لەهۆنراوەی گۆرانییەکان و بەیتەکانی حەیران و هۆرەو مەقامدا، بەڵام بەچی شێوەیەک؟ ئەویشیان پرسیارێکەو وەڵامەکەی گەلێک ئاستە نییە گەر بتوانین وەک گوێگرێکی هوشیار گوێیان بۆ ڕادێرین و پلەو پایەی ژنی تێدا هەڵبسەنگێنین، دیارەئەمیشیان بەپێی سەردەم و ناوچەگۆڕاوەو گەلێک جیاواز بووە، من نامەوێ لێرەدا بچمەناو وردەکاری ئەو بابەتەوەو ئەوەیان دادەنێم بۆ کەسی پسپۆری ئەو بوارە. بەڵام ئەوەی کەگرینگە بەلامەوەو پێمباشە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە کاتێک گۆرانی بێژێک وشەکانی (کلمات) یان هۆنراوەی گۆرانییەکەی هەڵدەبژێرێت ڕێز بۆ هەستی گوێگر ڕابگرێت بەهەردوو ڕەگەزی ( ژن و پیاو ) و هەموو چین و توێژەکانییەوە، و بیر لەناوەرۆکی گۆرانییەکەی بکاتەوە ئینجا بیداتە گوێی بیسەرانی.

بێوەژنە ...

بێوەژنە

بێوەژنە دەستی دووە

بەدبەختی دەستی خەسووە

دوو حەفتەمێردی کردووە

ئەوەی گوێی لەم وشە ڕیزکراوە ئاست نزمانە بێت، هەرگیز بڕوا ناکات کە ئەم وشەژەهراویانەی کەدژ بەژن بەگشتی وتراوە، گۆرانییەکی سەردەمی ئینتەرنێت و سەدەی بیست و یەک بێت و لەستۆدیۆیەکی ئامادەکراو بەتەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و لەهەرێمێکدا تۆمار کرابێت کەبانگەشەی نەهێشتنی توند و تیژی و سوکایەتی کردن بەژن دەکات .

گەلێک سەیرم لەو ژنانە دێت کە بە ئاوازی ئەم گۆرانییە دووەدەسماڵە دەکێشن و سەرچۆپی دەگرن و هەڵپەرکێ گەرم دەکەن، بێئەوەی گوێ بگرن و بزانن ئاغای گۆرانی بێژ چی ئێژێ و چۆن بێحورمەتی بەژنێک دەکات کە لەوانەیە هاوسەرەکەی نەمابێت، ئەنفال کرابێت، قارەمانێک بووبێت و لەسەنگەری بیر و خەباتدا بەدەستی دوژمنەکەی شەهید کرابێت، یان لەبەر هەر هۆیەک بووبێت لەهاوسەرەکەی جیابووبێتەوە، کە ئەمانە هەموویان دەچنە خانەی ژیانی تایبەتی و لەپلەی هیچ مرۆڤێک کەم ناکەنەوە. ئەوەی کەجێگەی هەڵوێستە گرتنە ئەم گۆرانیبێژە هاتووە بێوەژنی کردووە بەکالایەکی دەستی دوو (second hand)، کە تەنها دووحەفتەیە شووی کردووەو خەسوویشی وەک مرۆڤێکی دڕندە وێنا کردووە کە بۆتە هۆی بەدبەختی هاوڕەگەزێکی خۆی، بەبێ بیرکردنەوەلەوەی کە ئەم خەسووەکڵۆڵە (ئیتر دایکی پیاوەکەبێت یان ژنەکە) لەوانەیە بە هەزاران بەدبەختی وەهەژاری ئەو منداڵەی بەخێو کردووە، کەچی ئەو دەمو چاوە ناڵەبارەی پێدراوەو بەو شێوە سووکە وەسف کراوە. دیارە ئەمانە هەمووی لەڕوانگەیەکی خێڵەکییانەوە سەرچاوەیان گرتووەو بۆ کەمکردنەوە لەماهییەتی ژن وەکو مرۆڤێک بەداخەوە بەو شێوەیە بەرجەستە دەکرێنەوە. لەکاتێکدا کە هونەرمەندی هونەری گۆرانی ڕەسەن بۆ چڕینی هەر گۆرانییەک ئەو هۆنراوە بەرزە دەکاتە ئامانج کە شایستەی گوێگرەکەی بێت و نەمری بەخۆی و هونەرەکەی دەبەخشێت. ست فاتیمەی مامۆستا عەلی مەردان هەروەک پەیکەرەکانی یۆنان، لەلوتکەدا لەبەردەم ئەم لافاوی گۆرانییە نزمانەدا وەستاوەو ئێستایش جێگەی سەرسامی هەمووومانن چ لەهەڵبژاردەی شیعرەبەرزەکەی (مامۆستای نەمر ئەحمەد هەردی) و چ لەئاواز و ئەدای گۆرانیەکەدا کەئێستایش بەڕێزەوە دووبارە دەکرێتەوە. دەیان هونەرمەندی بەڕێزی دیکەی بواری هونەری گۆرانی کوردی ڕووحی شیعری شاعیرانی وەک مامۆستا هێمن و گۆران و نالی و بێکەس و شاعیرانی نوێخواز و ئەمڕۆیان لەگۆرانییەکانیاندا بەنەمری و بەرز ڕاگرتووە، کەلەدێڕەکانیاندا بەوپەڕی ڕێزەوەباس لەژن دەکرێت.

شایانی باسە لەم ڕۆژانەدا عەزیزی وەیسی لەسەردانێکیدا بۆ وڵاتی سوێد چەند ئاهەنگێک ساز دەکات و ڕیکلامێکی باشی بۆ کراوە، من نازانم گەر ئەم گۆرانییە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی سوێدی و زمانی ئەو وڵاتە ئەوروپاییانەی کەبەڕێزی سەردانیان دەکات، ڕای بیسەرانی بیانی لەبەرامبەر هونەری کوردیدا چی دەبێت ؟؟ کارەساتەکە لەوێدایە، کەلەشوێنێکدا بینیم بەهونەرمەندی ڕەسەنی کورد ناوبراوە، واتە عەزیزی وەیسی بەگۆرانی بێوەژنەوە، نوێنەرایەتی هونەری ڕەسەنی کوردی دەکات !! لەکاتێکدا دەیان هونەرمەندی بەرز و ڕەسەنی کورد لەکوردستاندا هەن کەلەبەر دەستکورتی ناتوانن هونەرەکەی خۆیان بگەیەننەگەلانی دنیا و کوردانی دەرەوەی وڵات. بەداخەوە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش (وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان) بۆی گرینگ نییە کە ڕووی گەش و پێشکەوتووی هونەری گۆرانی کوردی بگەیەنێتە فیستیڤاڵە هونەرییەجیهانییەکان و بەدنیای دەرەوەی بناسێنێت.

لەلایەکی تریشەوە هەقی وایە لیژنەیەکی پسپۆڕ هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو گۆرانییانەی کەتۆمار دەکرێن، بەتایبەتی هۆنراوەو دارشتنەکەی کە پێویستە ناوەرۆکەکەی دوور بێت لەسووکایەتی کردن بەمرۆڤەوە، هەروەها ناوبانگی هونەرمەند وەکو نوقڵ نەبەخشرێتەوەو نەدرێتە پاڵ هەموو کەسێکەوە، چونکە ئەو ناوە قورسە شایستەی هەر کەسێک نییە کە چوار گۆرانی تۆمار کردبێت و لەئاهەنگ و هەڵپەرکێکاندا بەگۆرانی سووکایەتی بەخەڵک بکات.

با ئێمەی گوێگریش چیتر بەهەموو ئاوازێک هەڵنەپەڕین و هێندە لەزاوا نەپاڕێینەوە کەمەرد بێت و لەبەر خاتری تێکنەچوونی دەسرەو شەدەو شاییە خۆشەکەمان لەبووکێ نەدات، بەڵکو لەبەر ئەوەی بووکێش مرۆڤەو خاوەنی کەرامەتەو نابێت سووکایەتی پێبکرێت . هەر لێرەشەوەداوا لەهەموو مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێستی ئینسانی و ئازادیخواز دەکەم کە لەجەژنی عەزیزی وەیسیدا بەشداری نەکەن تاوەکو داوای لێبووردن نەکات لەهەموو ژنان بەگشتی و ژنانی تەنیا و دایکان بەتایبەتی و هەروەها ئەم گۆرانییە نزمە دووبارە نەکاتەوەو لەسیدییەکەی بیسڕێتەوە.



ڕووناک شوانی

٤ی حوزەیران /ستۆکهۆڵم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com